ئایا فەرمانی ئەمەتان پێکراوە؟ ئایا ئەمەتان بۆ نێردراوە؟ کتێبەکەی خودا بدەن بە دژی یەکتردا؟ گەلەکانی پێش ئێوە بەهۆی ئەم کارانەوە گومڕا بوون، ئێوە بەم حاڵەی ئێستا لەسەر هیچ شتێک نین، بڕوانن فەرمانی چیتان پێکراوە؛ کردەوەی پێبکەن، ونەهی چیتان لێکراوە؛ خۆتانی لێ دوور بکەنەوە

لە عبداللەی کوڕی عەمرو -ڕەزای خوایان لێبێت- دەڵێت: چەند کەسێک لە پێش دەرگای ماڵی پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- دانیشتبوون، هەندێکیان ووتیان: ئایا خودا ئاوا وئاوای نەفەرموو؟ وهەندێکیان ووتیان: ئایا خودا ئاوا وئاوای نەفەرموو؟، وپێغەمبەری خودا -صلى الله عليه وسلم- گوێی لەم قسانە بوو، ودەرچوو هەروەکو ئەوە وابێت دەنکە هەنارەکان لەسەر ڕووی تەقێنرا بێت (ڕووی سوور هەڵگەڕا بوو)، وفەرمووی: «ئایا فەرمانی ئەمەتان پێکراوە؟ ئایا ئەمەتان بۆ نێردراوە؟ کتێبەکەی خودا بدەن بە دژی یەکتردا؟ گەلەکانی پێش ئێوە بەهۆی ئەم کارانەوە گومڕا بوون، ئێوە بەم حاڵەی ئێستا لەسەر هیچ شتێک نین، بڕوانن فەرمانی چیتان پێکراوە؛ کردەوەی پێبکەن، ونەهی چیتان لێکراوە؛ خۆتانی لێ دوور بکەنەوە (ئەنجامی مەدەن)».

[حەسەنە] [ئیبنو ماجە گێڕاویەتیەوە - ئەحمەد گێڕاویەتیەوە]

کۆمەڵێک لە هاوەڵان لە لای دەرگای ماڵی پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- دانیشتبوون وناکۆکیان بۆ دروستبوو سەبارەت بە مەسەلەیەک، ولە هەندێک گێڕانەوەدا هاتووە گفتوگۆ وناکۆکیەکە لەسەر قەدەر بوو، وهەریەکێکیان بەڵگەیەکی دەهێنایەوە لە قورئانی پیرۆز بۆ پشتگیری کردنی وتەکانی، وپێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- گوێی لەمە بوو ودەرچوو لە ماڵ وڕووی سوور هەڵگەڕا بوو بەهۆی توڕەییەوە، هەروەکو ئەوە وابێت دەنکە هەنارەکان لەسەر ڕووی تەقێندرا بێت، وپێیانی فەرموو: ئەم گفتوگۆ ومشتومڕە وناکۆکیە سەبارەت بە قورئان ولێکدانی ئایەتەکانی قورئان دژ بە یەکتر، ئایا ئەمە مەبەستە لە دروست کردن وخەڵقکردنتان؟ ئایا خودا فەرمانی ئەمەی پێتان کردووە؟ واتا مەبەستی ئەوەیە هیچ لەم دوو شتەی پێشوو نییە، بۆیە پێویست بەم گفتوگۆیانە ناکات چونکە گرنگ وپێویست نییە، وهەوالّی ئەوەی پێدان کە هۆکاری گومڕایی ئومەتەکانی پێشووتر بەهۆی ئەم جۆرە ناکۆکیانەوە بوو، پاشان ڕێنمونی کردن بۆ شتێک کە هۆکاری چاکبوون وسوودە بۆ ئەوان وپێیانی فەرموو: ئەوەی خودا فەرمانی پێتان کردووە ئەنجامی بدەن، وئەوەی خودا نەهی لێتان کردووە لێی دووربکەونەوە (ئەنجامی مەدەن)، ئەمە ئەو مەبەستەیە کە بەهۆیەوە دروستکراون، وئەمە هۆکاری چاکبوون وسوودە بۆ ئێوە.

https://sunnah.global/hadeeth/ku/show/10853